بێگومان وتاری بەرێز جەنابی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان کە رۆژی ۳ / ۷ / ۲۰۱٤ لە پەرمانی کوردستان پێشکەشی کرد، خوێندنەوەیەکی واقیعییانەی رەوشی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و خستنەرووی چارەسەری گونجاو بوو بۆ پرسەکان، بەتایبەت پرسی ریفراندۆم بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، ئەم وتارەی سەرۆك بارزانی لەم کاتەدا گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ سەردەم سەردەمی رزگاری و ئازادی نەتەوە

چەوساوەکانە لەژێردەستی و دکتاتۆرییەت، لە سەددەی رابردوودا هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو هەلی بۆ کۆمەڵێ نەتەوەی ژێردەست رەخساند کە ئازاد بن و سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن و ببنە خودان دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، لەم سەددەیەشدا شۆڕش و راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی دژی زوڵم و نایەکسانی و دکتاتۆرییەت کە لە باکووری ئەفریقاوە دەستیپێکردووەو تا ئەو دەوروبەرەی ئێمە هاتووەو بەردەوامە، کاریگەری خۆی دەبێت بۆ سەر کاروانی خەباتی نەتەوە ژێردەستەکان، بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن دەتوانێت سوود لەم هەل و گۆڕانکارییانە وەربگرێت و، بە کارنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی سەردەمییانە بەرەو رزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەنگاو بنێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەموو لایەکمان لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان پشتیوانی لە هەڵوێست و کارو هەنگاوەکانی سەرۆك بارزانی بکەین، بۆ ئەمەش دەتوانین ئـەزموونی باشووری کوردستان بکەینە خـاڵی وەرچەرخان رووەو هێنانەدی خەونی نەتەوەییمان کە سەربەخۆیی کوردستانە.

بێگومان سەرەڕای پێشڤەچوونەکانی باشووری کوردستان تا ئێستاش کۆمەڵێ هەڕەشە لەسەر باشووری وڵاتدا هەن، کە پێویستە هەموولایەکمان رووبەڕوویان ببینەوە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی

هەڕەشەکانی سەر باشووری وڵات پێویستە بەزووترین کات ناوماڵی کوردستان و ناوەندی سیاسی کوردستان ڕێك و یەکبخرێتەوەو، مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسییەکان بکرێت، هــەروەها پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، بەتایبەت لەم قۆناخە هەستیارو چارەنووسسازەدا، دەبێ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ واقیعی خۆماندا بکەین و هەموو لایەکمان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بین بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی هەنگاوەکانی هێنانەدی ئامانجەکانمان و یەکدەستیش بین بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان.

لەسەر ئێمەی کورد پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان گوتاری سیاسیمان یەکبخەین و بە بیرو ستراتیژێکی نەتەوەییانە هــەڵسوکەوت لــەگەڵ ئەم بــارودۆخە هەستیارە بکەین، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە بارودۆخــی ئەمڕۆی جیهان بۆ کــارو خــەبات زۆر لەجاران گونجاوتر و لەبارترە و زۆربەی وڵاتانی جیهان لە پرسی کورد گەیشتوون و بەدیدێکی دیکە پرسی کورد دەخوێننەوە و پرسی کورد وەك پرسێکی سیاسی دەبینن، بۆیە لەسەر ئێمەی کوردیش پیویستە بەرژەوەندی نەتەوەییمان لەبەرچاو بگرین و وەکو کورد سوود لەو ڕەوشە وەربگرین، بۆئەوەی ئازادو سەربەخۆ بین و بگەین

بە خەونی نەتەوەیی خۆمان کە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە.

عەمان _ ئوردەن

٧ / ٧ / ٢٠١٤

* ئەم وتارە ڕۆژی چوارشەممە ٩ / ٧ / ٢٠١٤ لە ژمارە ( ٤٦٠١ )ی ڕۆژنامەی خەبات و ژمارە ( ١٩٣٩ )ی ڕۆژنامەی هەولێردا بڵاوبۆتەوە.

# سەرۆك مەسعود بارزانی سیمبۆڵی

# پێشمەرگایەتی و بەرخودانی نەتەوەیی

گەلی کوردستان بەدرێژایی مێژوو بە خاك و خەڵکەوە لەژێر هەرەشەی جینۆسایدو قڕکردندا بووە، ئەمەش وای کردووە کەوا رۆڵەکانی بەردەوام لەپێناو مانەوە لە تێکۆشان و بەرخوداندابن، مێژووی خەباتی کورد کارەسات و بەرخودان و کەوتن و هەڵسانەوەیە، دوای هەر کەوتنێك کورد بە گوڕو تینێکی نوێوە هەڵساوەتەوەو، درێژەی بە بەرخودانی خۆی داوەتەوە، لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول گەلی کـــوردستان بە گـوڕو تینێکی نوێوە هاتەوە کـــۆڕی خەبات و درێژەی بە بەرخودانی نەتەوەیی خۆیدا، لەدوای کارەساتی ئەنفالەکانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ گەلی کوردستان جارێکی دیکە کەوتەوە بەرخودان و سەرهەڵدانی بەهاری ١٩٩١ ی لە مێژوودا تۆمارکرد، ئەمەش بووە هۆی لەدایکبوونی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، ئەو ئەزموونەش لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا بۆ هەموو جیهانی سەلماند کەوا ئەگەر بوار بە گەلی کوردستان بدرێت دەتوانێت خۆی بەڕێوەببات و دەوڵەتداری بکات، لەبەرئەوەی کورد لە رابردوودا خاوەن دەسەڵاتو شارستانییەت و کلتوری خۆی بووەو بەشدارییەکی

کارای هەبووە لە بیناکردنی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا و ناوچەکەدا، ئەگەر بواری ئەوەی پێبدریت ببێتە خاوەن کیانی نەتەوەیی خۆی بە دڵنیاییەوە لە داهاتووشدا ڕۆڵێکی کاراتر دەگێڕێ لە پاراستن و پێشڤەبردنی شارستانییەتی ناوچەکە و بنیاتنانی کــۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و مۆدێرن لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بەحوکمی ئەوەی کــورد نەتەوەیەکی لێبوردەیە، باوەڕی تەواوی بە بەیەکەوەژیانی ئەو نەتەوانە هەیە کە لەگەڵیدا دەژین، ئەمەش وایکردووە هەموو کـــات ئەو شوێنانەی کەوا لەژێر دەسەڵاتی کورد دابوون ببنە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەوانەی هەڕەشەیان لەسەرە، ئەوە لە قــۆناخی خەباتی شاخ، لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ یشدا، کە بووینە خاوەن پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، وەك هەمیشە کوردستان بە پەناگەی ئارامی ئازادیخوازان مایەوە، ئەو لێبوردەیی و گیانی بەیەکەوە ژیانە وای کردووە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت و گەشە بکات.

پێشڤەچوونەکانی گەلی کوردستان بەردەوامن و بەهیچ هەڕەشەیەك ناوەستن، دوژمنان و ناحەزانی گەلی کوردستان بۆ

وەستاندنی پێشڤەچوونەکانی پرسی کورد بەردەوام لە پیلانگێڕێدان، لەگەڵ هەر پێشڤەچوونێکی گەلی کوردستان هەوڵیانداوە پیلانێکی بۆگەن دابڕێژن، هێرشەکانی ئەم دواییەی ڕێکخراوی تیرۆریستی بەناو (دەوڵەتی ئیسلامی) ناسراو بە (داعش) لە چوارچێوە ئەو پیلانانەدان کە لە دژی کورد دادەڕێژرێن، ئەوەش لەو کاتەوە هات کەوا سەیریان کرد گەلی کوردستان خەریکە بە خەونی نەتەوەیی خۆی دەگات، کە ئەویش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، ئەم پرسەش لەلایەن کەسایەتییەك باسدەکرێ کە خاوەن ئیرادە و بڕیاری خۆیەتی، سەرۆك مەسعود بارزانی وەك کاریگەرترین کەسایەتی ناوچەکە کـە باس لەم پرسە دەکات بە باوەڕو ئیرادەوە باسی دەکات و کاریش بۆ سەرخستنی دەکات، سەرۆك بارزانی لە دیدگایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەدوای چارەسەری پرسی ڕەوای گەلی کوردستانەوەیە و هەوڵی بۆ دەدات، ئەو هەوڵانەی سەرۆك بارزانی بووە پەیامێك بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە تاکە چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد دیاریکردنی مافی چارەنووسە لەلایەن گەلی کوردستانەوە، هەر کاتێکیش کورد ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات بڕیار لەسەر سەربەخۆیی کوردستان

دەدات، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش باش هەستی بەمە کردووە بێ چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد زۆر زەحمەتە رۆژهەڵاتی ناڤین هێمنی و ئارامی بەخۆیەوە ببینێت، بۆیە ماوەیەکە چارەسەری ریشەیی پرسی کــورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لـەلایەن زۆر کەسایەتی گرنگ و ناوەندی نێودەوڵەتی باسی لێوەدەکرێت و بە شێوەیەکی ئاساییش وەردەگیرێت، بڕیاری دیاریکردنی مافی چارەنووس لەلایەن کوردەوە واتە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش واتە سەقامگیربوونی هێمنی و ئارامی و ئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا.

لەو روانگەوەی کە کورد وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی رەوای خۆیەتی سەربەخۆ بێت و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبیت، زۆر ناوەند و کەسایەتی جیهانیش بەبایەخەوە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەیان کرد و، پشتیوانی خۆیان بۆ هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی راگەیاند.

عەقلییەتی (شۆڤێنی عەرەبی و پەڕگیری ئاییینی) توانای هەرسکردنی پرسی سەربەخۆیی کوردستانیان نییە، بۆیە کەوتنە

پیلانگێڕان و هەڵگیرساندنی شەڕ لە دژی گەلی کوردستان و، لەڕێگەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە بەرەیەکی فراوانی شەڕیان لە دژی گـەلی کوردستان کردەوە، بێگومان ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کە ئەمڕۆ شەڕی کـوردستان دەکات هـەمان عەقلیەتە کە لە مێژووی کـۆن و نوێدا کوردستانیان ئەنفال و تـاڵان کرد و، ئێستاش بەهەمان عەقلیەتەوە هێرشیان هێناوەتەوە سەر کوردستان، بەڵام دەبێ ئەوە باش بزانن کە ئەمجارەیان بەرخودانی گەلی کوردستان بە ڕێبەرایەتی پێشمەرگەی نەتەوە سەرۆك مەسعود بارزانی خەونی دوژمن و ناحەزان لە گۆڕ دەنێ و خەونی نەتەوەییمان دێنێتەدی!

ئەو هێرشەی تیرۆریستان بۆسەر کوردستان بۆ هەموو لایەکی دەسەلمێنێت کەوا تا ئێستاش گەلی کوردستان مەترسی جینۆساید و قڕکردنی لەسەرە، بۆیە ئەم واقیعە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناچار دەکات کەوا جـددیانەتر بیر لە چارەسەری ریشەیی پرسی گەلی کوردستان بکەنەوە، چارەسەری ریشەییش بۆ ئەم پرسە واتە راگەیاندنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی

کوردستان، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم شەڕە شەڕی سەربەخۆیی کوردستانە.

بۆ لە گۆڕنانی پیلانی گـڵاوی پیلانگێڕان هەر زوو سەرۆك مەسعود بارزانی وەکو پێشمەرگەیەك چووە سەنگەری بەرگریکردن لە خاك و خەڵکی کوردستان و لە بەرەکانی شەڕدا مایەوە، بێگومان ئامادەبوون و مانەوەو شەونخوونی بەردەوامی سەرۆك مەسعود بـارزانی بە خـــۆی و کوڕ و برا و خـزم و کەسوکارەکانییەوە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگریکردن لە خاك و خەڵکی کوردستان، مۆراڵی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی بەرزکردۆتەوەو جیهانیشی سەرسام کردووە، ئەوە پەیامێکە بۆ هەموو جیهان کەوا گەلی کوردستان بە سەرۆك و خەڵکەوە پێشمەرگەن و چیدیکە زوڵم و ژێر دەستەیی قبولْ ناکەن، سەیرکردنی هەموو بەرەکانی شەڕ بەیەك چاو لەلایەن سەرۆك بـــارزانی ئەوە وەدەردەخات کە جەنابیان پێشمەرگەی نەتەوەیە و ئـــامادەیە بەرەڤانی لە هەر بستە خاکێکی ئەم کوردستانە بکات، سەرۆك بارزانی بەردەوام لە خەمی خاك و خەڵکدایە، بۆیە کاتیْ کە تیرۆریستان هێرش دەکەنە سەر کوردستان، بۆ پاراستنی خاك و خەڵکی کوردستان دەبێتەوە

پێشمەرگەکەی جاران و، لەهەمان کـاتدا بۆ بەهانا هاتن و پاراستنی گەلی کوردستان دەکەوێتە پەیوەندیکردن بە وڵاتە بڕیار بەدەسەتەکانی جیهان، ئەم پەیوەندییانەش وایانکرد بەپەلە گەورەترین زلهێزی جیهان کە ئەمریکایە بە پیر داخوازییەکەی سەرۆك بارزانییەوە بێت و دواتر هاوپەیمانێتییەك بۆ شەڕی تیرۆریستان پێکبهێنرێت، بێگومان ئەوەش هــەروا سانا نییە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی حەکیمانەو پەیوەندی راستگۆیانەی سەرۆك بــارزانی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بە بایەخ وەرگرتنی داخوازی سەرۆك بارزانی لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی، دۆستانی دڵخۆش و دوژمن و نـاحەزانیشی بێئومێد کرد، لێرەوە دەبێ هــەموو لایەك ئەو راستییە بزانن کــەوا بارزانی چ وەك کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و چ وەکو رێبەری گەلی کوردستان، کەسایەتییەکی گوێ لێگیراو و حیساب بۆ کراوە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە، ئەوەش شانازییەکی گەورەیە بۆ گەلی کوردستان، کەوا کەسایەتییەکی وەکو بارزانی رێبەرایەتی دەکات.

سەرەڕای وەدەستهێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی کوردستان لە هێرشی تیرۆریستان، خۆیشی لە جیاتی کۆشکی سەرۆکایەتی سەنگەری پێشمەرگایەتی هەڵبژارد و، چووە بەرەکانی شەڕەوە، مانەوەی سەرۆك بارزانی بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەرەکانی شەڕ لە زوممارو شنگاڵ و رەبیعە و ئامادەبوون و سەردانە بەردەوامەکانی بـــۆ بەرەکانی شەڕ لە کەرکوك و مەخموورو گوێڕ و خازر و خانەقین و شوێنەکانی دیکە و ناردنی هاوکاری سەربازی و مـرۆیی و هێزی پێشمەرگە بۆ رۆژئاوای کوردستان بۆ بەرگریکردن لە کـــۆبانێ، لە کاتی خۆیدا بارزانی نەمر بۆ پاراستنی کۆماری دیموکراتی کوردستان چووە مەهاباد، ئەوا لە ئێستاشدا سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ پاراستنی کۆبانێ پێشمەرگە دەنێرێتە رۆژئاوای کوردستان، ئەو راستییانە سەلمێنەری ئەوەن کەوا سەرۆك بارزانی سەرۆك و پێشمەرگەی نەتەوەیە و لەسەر هـەمان رێبازی نەتەوەیی بـــارزانی نەمر دەڕوات، لەهـــەمان کاتدا لە زۆربەی لێدوانەکانیدا کە ئـــاماژە بەوە دەکات ئێمە سنوورێکی فراوان و بەرەیەکی فـــراوانی شەڕمان لەگەڵ تیرۆریستان هەیە کەوا لە (کـۆبانێوە تا خانەقین و جـەلەولا )یە، بەکارهێنانی دەستەواژەی لـــە ( کـۆبانێوە تا

خـــانەقین) بەیەك چاو سەیرکردنی هەموو کوردستانە، نەناسینی سنوورە دەستکردەکانە، بە نەتەوەییکردنی بەرخودانی گەلی کـــوردستانە، کاتێ سەرۆك بارزانی لە مەخموور لەیەك کاتدا هەم ســـەردانی پێشمەرگە و هەم سەردانی گــەریلاکانی هێزی پاراستنی گەل HPG دەکات، لەهەمان کــاتدا دەستپێشخەری و کارکردنی بەرێزیان بۆ لەهەڤهاتنی لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان و بەدەستهێنان و ئیمزاکردنی (رێککەوتننامەی دهۆك) بۆ رێکخستنەوەی ناو ماڵی رۆژئاوای کوردستان کە بووە دەستکەوتێکی گەورە بۆ گەلی کــــوردستان، ئەو راستییانە نیشانی هەموو لایەکی دەدەن کە بەرێزیان نەتەوەییانە بیردەکاتەوە و هەڵسوکەوت دەکات، بـۆیە پێویستە ئەم هەنگاوانە بە بناخەیەکی پتەوی یەکێتی نەتەوەیی دابنێین و پشتیوانی ســـەرۆك بارزانی بین بۆ پێشڤەبردنیان، بێگومان ئەو هەڵوێست و سیاسەتە حەکیمانەی ســەرۆك بــارزانی و بەرخودانی پێشمەرگە قارەمانەکان وایانکردووە کە کوردستان ببێتە ژمــارەیەکی بەهێزی نێو هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی رۆژهەڵاتی نــاڤین و لە زۆر لاوەش بەبایەخەوە سەیر بکرێ و حیسابی تایبەتی بۆ بکرێت.

سەرۆك بارزانی بە كردەوە سەلماندی كەوا هەر پێشمەرگەكەی جارانە و سەرۆكایەتی لای جەنابیان پێشمەرگایەتییە و پێشمەرگایەتیش سەرۆكایەتییە، ئەمەش وادەكات كەوا بڵێین سەرۆك بارزانی واتە پێشمەرگەی نەتەوە و سیمبۆڵی بەرخودانی نەتەوەیی.

٢٠١٤/١٢/١٢

هەولێر _ كوردستان

* ئەم وتارە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٤/١٢/١٥، لە ژمارەی (١٠٠٥)ی گۆڤاری گوڵان بڵاوبۆتەوە.

# سەرۆك مەسعود بارزانی و خەمی نەتەوەیی

گەلی کوردستان لەپێناو مانەوەی خۆیدا بە درێژایی مێژوو لە شۆڕش و خەبات و بەرخودان بەردەوامە و، هەر سەردەم و قۆناخێك کەسایەتییەکی وڵاتپارێز رێبەرایەتی شۆڕش و بەرخودانی گەلی کوردستانیان کردووەو بوونەتە سیمبۆڵی تێکۆشانی نەتەوەیی لە سەردەمی خۆیاندا، وەك نەمران (شێخ رەزای دێرسم، شێخ مەحموودی حەفید، شێخ سەعیدی پیران، قازی محەممەد) و، (مستەفا بارزانی نەمر) کە رێبەرایەتی درێژترین شۆڕشی گەلی کوردستانی کردووە، ئەو نەمرانە هەر یەکەو بەپێی سەردەمی خۆیان بەردەوامییان بە خەبات و بەرخودانی نەتەوەییمان بەخشیوەو بوونەتە سیمبۆڵی شۆڕش و بەرخودانی کوردستانییان.

لە دیرۆکی نوێی گەلی کوردستان لە دوای (بارزانی نەمر)، سەرۆك مەسعود بارزانی رێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی کردووەو تا ئێستاش بەهەمان گیانی شۆڕشگێڕی و پێشمەرگایەتی رێبەرایەتی شۆڕش و بەرخودانی گەلی کوردستان دەکات، لای ئەو کوردستان هەمووی یەکە، لە خەمی پاراستن و پێشخستنی باشووری کوردستاندایە و بەردەوام وەکو پێشمەرگەیەك لە سەنگەردایەو

سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕ دەکات و، پشتیوانی سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی باکووری کوردستانە و لە هەوڵی لەیەکدی نزیککردنەوەی لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردساندایە و، بەهانای رۆژئاوای کوردستانەوە دەچێت بۆئەوەی (کۆبانیٚ) نەکەوێت، ئەو هەڵوێستانەی سەرۆك مەسعود بارزانی زۆر لە هەڵوێستەکانی ( بارزانی نەمر) دەچێت کاتیٚ بە هانای شۆڕشی شێخ مەحموودەوە دەچێت و، هەروەها بەشداری لە دامەزراندن و پاراستنی (کۆماری دیموکراتی کوردستان) لە مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات و، هاوکاری خوشك و برایانی رۆژئاواو باکووری کوردستان دەکات بۆ دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە باکوورو رۆژئاوای وڵات، لە باشووردا کە رێبەرایەتی شۆڕشی ئەیلولی کردووە بەردەوام سەرپەرشتی و بەشداری شەڕەکانی کردووە و لەگەڵ پێشمەرگەدا لە بەرەکانی شەڕدا ماوەتەوە، ئەو کارە نەتەوەییانەی (بارزانی نەمر) رەنگدانەوەیان لەسەر کارو خەبات و تێکۆشانی ئێستای سەرۆك مەسعود بارزانی هەیە، بۆیە ئەگەر سەیری کارو هەڵوێستەکانی سەرۆك مەسعود بارزانی بکەین دەبینین خەمی ئەو خەمی نەتەوەیە و بەردەوام لە خەمی خاك و خەڵکدایە، خەمی نەتەوە واتە خەمی خاك و خەڵك، خەمی خاك لای

ئەو واتە گەیشتن بەدوا سنووری کوردستان و پاراستنی ئەو سنوورانە، خەمی خەڵك لای ئەو واتە خەمی پاراستنی کلتورو دیرۆك و شارستانییەت و بەها مرۆییەکانی خەڵکی کوردستان، خەمی خەڵك لای ئەو واتە گەیاندنی خەڵکی کوردستان بە کەنارێکی ئارام، ئەمەش واتە دیاریکردنی سنووری کوردستان و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا.

بەردەوام جەختکردنەوە لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان لای سەرۆك بارزانی لەو روانگەوە دێت کەوا پرسی بڕیاردان و دیاریکردنی مافی چارەنووس مافی رەوای هەر گەل و نەتەوەیەکە، لەرابردووشدا زۆربەی بزاڤە رزگاریخوازەکانی جیهان لەڕێی بەکارهێنانی ئەو مافە گەیشتوونەتە خەونی نەتەوەیی خۆیان، نەتەوەی کوردیش وەك دێرینترین نەتەوەی ناوچەکە و وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی رەوای خۆیەتی کە خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە سەردەمی سەرخۆبوونی نەتەوە ژێردەستەکانە.

سەرۆك بارزانی بەردەوام لە دیدگایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەدوای چارەسەری پرسی رەوای گەلی کوردستانەوەیە و هەوڵی بۆ دەدات، ئەو هەوڵانەی سەرۆك بارزانی بوونەتە پەیامێك بۆ

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە تاکە چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد دیاریکردنی مافی چارەنووسە لەلایەن گەلی کوردستانەوە، هەر کاتێکیش کورد ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات بڕیار لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دەدات، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش باش لەو پەیامەی سەرۆك بارزانی گەیشتووە و، هەستی بەمە کردووە کەوا خواستی گەلی کوردستان سەربەخۆیی کوردستانە، لەمەش گەیشتوون بێ چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد زۆر زەحمەتە ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئەو هێمنی و ئارامییە بەخۆیەوە ببینێت کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خوازیاریەتی، بۆیە ماوەیەکە چارەسەری ریشەیی پرسی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەلایەن زۆر کەسایەتی گرنگ و ناوەندی نێودەوڵەتی بۆتە بابەتێکی گرنگ و بە بایەخەوە باسی لێوەدەکرێت و بە شێوەیەکی ئاساییش وەردەگیرێت، بێگومان بڕیاری دیاریکردنی مافی چارەنووس لەلایەن گەلی کوردستانەوە واتە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش واتە سەقامگیربوونی هێمنی و ئارامی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، هەموو لایەك ئەوە دەزانن کەوا گەلی کوردستان زوڵمێکی مێژوویی لێکراوە و خاکەکەی دابەش و داگیرکراوە و خەڵکەکەی رووبەڕووی

ستەم چەوسانەوە بۆتەوە و، پێویستە کەوا کورد وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی رەوای وەربگرێتەوەو سەربەخۆ بێت و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێت، ئەمەش وایکردووە زۆر ناوەندو کەسایەتی جیهان بەبایەخەوە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکەن و، پشتیوانی خۆیان بۆ هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی رابگەیەنن، ئەوەش مایەی خۆشحاڵییە و هێڤی و رۆشناییەکیان بە داهاتوومان بەخشیوە.

ئەم تێکۆشان و هەوڵانەی سەرۆك بارزانی پێویستی بە پشتیوانییەکی کوردستانی هەیە و پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان و سازییە مەدەنییەکان و جەماوەری کوردستان پشتیوانی جەنابیان بن، لەبەرئەوەی تێکۆشانی جەنابیان لەم پێناوەدا بۆ گەلی کوردستانە و بۆ نەهێشتنی ستەم و داگیرکارییە، هەوڵەکان لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان پێگەی کوردستانیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەهێزتر کردووە، ئەم پێشکەوتنانە وایکردووە کەوا دوژمن و ناحەزان پێیان هەرس نەکرێ، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدان پێگەی کوردستان لاواز بکەنو بەردەوام گرفتی جۆراوجۆری بۆ دروست دەکەن، واتە بەردەوام مەترسیمان لەسەرەو لە رەوشێکی ناسك و هەستیار داین، لەلایەك هێرش و

شەڕی تیرۆریستانی داعش و لەلایەکی دیکەوە هەڕەشەکانی ئێستای حکومەتی ئێراق و هەڵوێستی نەیارانەی هەندێ ناوەندی شۆڤێنی عەرەبی ئەمانە هەموویان لەو چوارچێوەیەدان، تیرۆریستانی داعش و حکومەتی عێراق و ئەو ناوەندە عەرەبییانە لە روانگەی ( هزری شۆڤێنی عەرەبی و پەڕگیری ئایینی )یەوە سەیری پرسی کورد دەکەن و شەڕی گەلی کوردستان و سەرۆك مەسعود بارزانی دەکەن، تیرۆریستانی داعش بە هێرش و ترس و تۆقاندن و عێراق بە سیاسەتی برسیکردنی خەڵك و هەندێ ناوەندی عەرەبی بە نووسین و شرۆڤەی ژەهراوی، هەموویان لە هەوڵی لاوازکردنی پێگەی کوردستانندان، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە یەکڕیزو یەکدەنگ بین و پشتیوانی سەرۆك مەسعود بارزانی بین بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەرەشانە، حکومەتەکانی پێشووی عێراق بە سیاسەتی قڕکردن و بەعەرەبکردن دژایەتی گەلی کوردستانییان دەکرد، حکومەتی ئێستای عێراقیش سیاسەتی برسیکردن دژ بە گەلی کوردستان پێڕەو دەکات، بێگومان سیاسەتی برسیکردن ئەویش لە کانی لیخنی قڕکردن و بەعەرەبکردنەوە سەرچاوەی گرتووە، درێژەپێدانی هەمان سیاسەتی دوژمنکارانەی رژێمەکانی پێشووە

بەڵام بەڕەنگێکی دیکە، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە بە وریایی و یەکگرتووییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم رەوشە ناسکەدا بکەین و، هەموومان لە یەك سەنگەردا کۆببینەوە و، بە کارنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەو هەوڵە نەزۆکانە پوچەڵ بکەینەوە و لەباریان ببەین.

دبلۆماسییەت و سیاسەت و هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ لە گۆڕنانی خەونی دوژمن و ناحەزان و، خستنەڕووی مەترسییەکانی سەر گەلی کوردستان، کەشێکی نوێی بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە پرسی کورد خوڵقاندووە و، وایکردووە کەوا کۆمەڵگای نیودەوڵەتی وەکو ئەرکێکی مرۆیی و ئەخلاقی بەهانای کوردەوە بێن و لە هەڕەشەکان بیپارێزن، ئەمەش وایکردووە دۆست و پشتیوانی زیاتر بۆ کورد پەیدابن، ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییە لە ئێمە دەخوازێ کەوا لە ناوخۆدا یەکبین، لەبەرئەوەی یەکبوونمان هێزێکی زیاترمان پێدەبەخشێت و بەرەو سەرکەوتنمان دەبات، بۆئەمەش پێویستە بەزووترین کات ناوەندی سیاسی کوردستان رێك و یەکبخرێتەوەو مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکرێت و پەراوێز نەخرێن، هەروەها پێویستە بیروڕاو بۆچوونی

وڵاتپارێزان و دڵسۆزانیش بەهەند وەربگیرێت، لەهەمان کاتدا پێویستە ناکۆکییەکانمان وەلانێین و بیر لە داهاتوومان بکەینەوە و، سوود لەو دەرفەتە زێڕینە وەربگرین و داهاتووی نەتەوەییمانی لەسەر بنیات بنێین.

٧ / ٣ / ٢٠١٥

هەولێر _ کوردستان

* ئەم وتارە ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٥/٣/٩، لە ژمارەی (١٠١٧)ی گۆڤاری گوڵان بڵاوبۆتەوە.

# مەسعود بارزانی
# کێوێکی سەرکەش و خۆڕاگری کوردستان

ڕێبەری گەورەو باوکی ڕۆحیی نەتەوەیی کورد مستەفا بارزانی (١٩٠٣ _ ١٩٧٩ ) لە (بارزان)ی لانکەی خەبات و بەرخۆدان چاوی بۆ ژیان هەڵهێنا، لە بارزانەوە هەستی بە زوڵم و زۆری داگیرکەران بەرامبەر بە نەتەوەکەی دەکرد، بەتایبەت کاتێ سووتاندنی (بارزان)ی بینیوە، مرۆڤێکیش لەنێو ئازارو چەوسانەوەی داگیرکەران لەدایك بێت، کاردانەوەی بەرامبەر زوڵم دەبێت، کاردانەوەی بارزانیی نەمر لە بەرامبەر زوڵمی داگیرکەراندا خۆسازدان بوو بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین، بۆ پساندنی کۆتی زوڵم و ژێردەستەیی، زۆرجار کە نەتەوەیەك، یا کۆمەڵگەیەك تووشی زوڵم و چەوسانەوەیەکی لە ڕادەبەدەر دەبێت، خوای گەورە فریادڕەسێك بۆ ئەو نەتەوەیە دەنێرێت، بێگۆمان نەتەوەی کوردیش کە لە هەموو لایەکەوە زوڵمی لێدەکراو هەوڵی قڕکردنی دەدرا، خوای گەورە مستەفا بارزانی وەك فریادڕەسێك بەو نەتەوەیە بەخشی.

بارزانیی نەمر لە بارزانەوە دەرچوو، بوو بە ڕێبەری نەتەوەی کورد لە سەرتاسەری کوردستانی مەزن و توانی ڕێبەرایەتی درێژترین شۆڕشی کوردستان (شۆڕشی ئەیلوول) بکات و هەموو گەلی کوردستانیش لە ژێر ڕێبەرایەتی خۆیدا کۆبکاتەوە، تێکۆشان و بەرخۆدانی بارزانیی نەمر بۆ تەواوی گەلی کوردستان بوو بە جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و ئایدیۆلۆژی، بۆیە تەواوی

گەلی کوردستان لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا کۆبوونەوەو ئەویان بە ڕێبەری خۆیان دەزانی.

خەباتی بارزانیی نەمر تەنها بۆ نەتەوەی کورد نەبوو، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی ماڧی نەتەوەیی تەواوی نەتەوەکانی کوردستان (کورد، تورکمان، ئاشووری، عەرەب و ئەرمەن) بووە، هاوکاری و پشتیوانیی بارزانیی نەمر بۆ شێخ مەحموودی حەفید و بەهاناوە چوونی بارزانیی نەمر بۆ شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشداریکردنی لە دامەزراندنی (کۆماری دیموکراتی کوردستان) لە مەهاباد و بەرگریکردنی بارزانیی نەمر و هێزەکەی بۆ پاراستنی کۆمار، ئەوەمان پێدەڵێن کەوا بارزانیی نەمر وەك ڕێبەرو پێشمەرگەیەك لە خەمی ئەوەدا بووە کە کورد بگاتە ئامانج و ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی، بەهاناوەچوونی بارزانی بۆ سلێمانی و مەهاباد مۆراڵی گەلی کوردستانی بەرزکردۆتەوە، لەبەرئەوەی بارزانیی نەمر" پێشمەرگە و شۆڕشگێڕێکی ئازاو چاونەترس بووەو هیچ کات خۆی بەدەستەوە نەداوەو، خۆبەدەستەوەدان لە فەرهەنگی بارزانیی نەمردا نەبووە، ئەمەش وای کردووە خەڵك بە باوەڕبەخۆبوونەوە بڕواننە داهاتوو، هەر بۆیە کارێکی هەڵەیە ئەگەر ئێمە بارزانیی نەمر تەنیا لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان هەژمار بکەین، بەڵکو دەبێت وەك ڕێبەری گەلی کوردستان و سەرۆکی نەتەوەیی کورد لە بارزانیی نەمر بڕوانین.

بارزانیی نەمر وەك ڕێبەری نەتەوەیی و نیشتمانیی كوردستان جێی ئومێدی هەموو گەلی كوردستان بووە، لە ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی خۆیدا دژی سازشكردن لەسەر مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەكانی گەلی كوردستان بووە، بۆیە بەردەوام دوژمنان لە هەوڵی دژایەتیكردن و لێدانی بارزانیی نەمردا بوون، زۆر جاریش بۆ دژایەتیكردنی بارزانیی نەمر هەوڵیانداوە سوود لە كەسانی ناو شۆڕش و لایەنی ناوخۆیی وەربگرن، بۆیە ئەگەر سەیری مێژووی سیاسیی كوردستان بكەین، دەبینین زۆر جار خیانەت لە بارزانیی نەمر كراوە، بارزانیی نەمر لە تێكۆشانی خۆیدا زۆر جار ڕووبەڕووی خیانەتی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆتەوە، بەڵام بارزانی وەك هەمیشە دژی ئەو پیلانانە وەستاوەتەوەو درێژەی بە شۆڕش و بەرخۆدان داوە.

بۆ نەوەی ئەمڕۆ زۆر گرنگە سوود لە كەلەپووری شۆڕشگێڕانەی بارزانیی نەمر وەربگرین و بیكەینە سەرمەشقی خەباتمان، خاكەڕایی و ژیانی بارزانیی نەمر وەك پێشمەرگەیەك زیاتر بارزانیی نەمری لای خەڵك خۆشەویست كردبوو، ئەگەر سەرنج بدەینە فیلمە ئەرشیفییەكانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، یا پێشمەرگە دێرینەكانی بدوێنین، زۆر باش هەست بەوە دەكەین كە جلوبەرگ و خواردن و شوێنی حەوانەوەی و چەكی بارزانیی نەمر جیاوازییەكی ئەوتۆی لەگەڵ پێشمەرگەكان نەبووە، لەگەڵ هەر پێشمەرگەیەكدا لە ئەرك و مافدا خۆی بە یەكسان زانیوە، بەردەوام ڕێزی بەرامبەرەكەی

گرتووەو لەسەر هەق بەدەنگ هاتووەو لەخەمی چینی هەژارو چەوساوەدا بووە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا خەڵك بارزانی-یان خۆش بوێت و بە سیمبۆلی خۆیانی بزانن و بێنە ریزی شۆڕشی ئەیلوول و هاوکاری شۆڕشی گوڵان بکەن.

ئەم خۆشەویستییەی خەڵك بۆ بارزانیی نەمر و هەستی نەتەوەییان لەبەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان ئاوێتەی یەك بووەو وای کردووە لەژێر سەرکردایەتیی ئەودا کۆببنەوە.. رۆشنبیران و تێکۆشەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان (هەژار موکریانی، هێدی، عیسمەت شەریف وانلی و حەمید سووری و...هتد) لە رۆژهەڵات و باکوورو رۆژئاوای کوردستان هاتوونەتە ریزی شۆڕش و هەمیشە جێگەی متمانەی شۆڕشیش بوون.

بەلامەوە گرنگ بوو لێرەدا باس لەو راستییانەی سەرەوە بکەم، ئینجا بێمە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکەم. بەڕێز مەسعود بارزانی رێبەری بزاڤی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان، جگە لەوەی کەوا کوڕی رێبەر و باوکی رۆحی نەتەوەیی کورد بەڕێز (مستەفا بارزانیی نەمر)ە، لە هەمان کاتدا هەوڵیداوە کەوا زۆربەی تایبەتمەندییە کەسێتی و نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی و نیشتمانییەکانی بارزانیی نەمر لە خۆیدا بەرجەستە بکات و، درێژەپێدەری هەمان رێباز بێت و، بە هەمان رۆحیەت لە شۆڕش و بەرخۆداندا بەردەوام بێت، بێگومان لەم پێناوەشدا باجی زۆری داوە.

مەسعود بارزانی وەك ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان و کەسایەتییەکی کاریگەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش، هەمیشە وەك ڕێبەرێکی حیساب بۆکراو و خودان هەڵوێست و کردار سەیرکراوە، بۆیە لە زۆر لاوە لەلایەن دوژمن و ناحەزانەوە حیسابی وردی بۆ کراوەو هەوڵدراوە کەوا لە کەسایەتیی جەنابیان بدرێت، هەموو لایەك باش دەزانن خۆبەدەستەوەدان لە فەرهەنگی بارزانی–دا بوونی نییە، مەسعود بارزانی نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلی کوردستانی کردووەو، تا ئێستاش ئەو نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلی کوردستان دەکات، بۆیە دوژمنان هەوڵیانداوە لە ڕێی هێرشکردنە سەر کەسایەتیی مەسعود بارزانی، ئیرادەی گەلی کوردستان بشکێنن، بەڵام خۆشبەختانە مەسعود بارزانی وەك چیایەکی سەرکەش و خۆڕاگر بەرامبەر هێرش و پەلاماری ناحەزان و دوژمنان وەستاوەتەوەو بە هێمنی و لێهاتوویی و سیاسەتی حەکیمانەی خۆی هەوڵ و هێرش و پیلانی ناحەزو دوژمنانی پووچەڵ کردۆتەوەو، بەردەوام هیوایەکی نوێی بە گەلی کوردستان بەخشیوە.

ئەوەی جێگەی داخە" ئەوەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا زوڵمێکی گەورە لە سەرۆك بارزانی کرا، جگە لە پیلان و هێرشی ناحەزان و دوژمنانی کوردستان، هەندێ لایەنی ناوخۆییش لە چوارچێوەی پیلانی داگیرکەرانی کوردستان کەوتنە دژایەتیی سەرۆك مەسعود بارزانی، کە دەبووا ئەو لایەنانە هاوکار و پشتیوانی سەرۆك بارزانی بووان،

نەك هاوكاری دوژمنان و داگیركەرانی كوردستان، هەموو ئەو ناهەقییانەی بەرامبەر مەسعود بارزانی كران و دەكرێن، لەلایەن خودی بارزانی-یەوە چاوپۆشییان لێكراوەو وەڵام نەدراونەتەوە، ئەوەش گەورەیی بارزانی دەخاتەڕوو، كەوا جەنابیان لەپێناو نەتەوەو نیشتمان ئامادەیە چاوپۆشی لە ماڤی كەسێتی خۆی بكات، ئەمەش یەكێكە لە تایبەتمەندییە دەگمەن و گرنگەكانی ڕێبەری هەر نەتەوەیەك، بێگومان ئەم تایبەتمەندییە تەنیا لە (مستەفا بارزانی)دا هەبووە، ئێستاش لە (مەسعود بارزانی)دا هەیە.

مەسعود بارزانی ئەو ماوەیەی لە سەرۆكایەتی(هەرێم)ی كوردستان بوو، ڕۆڵێكی كاریگەرانەی بینی و كوردستانی بردە ئاستی وڵاتانی سەربەخۆ، كەسایەتیی ئەو وایكرد كەوا لە هەموو لایەكەوە مامەڵە لەگەڵ كوردستان بكرێ و، كوردستان لە هەموو بوارێكەوە پێش بكەوێت، ئەم پێشكەوتنانەی كوردستان بووە جێی خۆشحاڵی دۆستان و نیگەرانی و دڵتەنگیی دوژمن و ناحەزان، دۆستان لە زۆر ڕووەوە هاوكار بوون بۆ ئەوەی كوردستان زیاتر پێش بكەوێت و، دوژمن و ناحەزانیش بەردەوام لە پیلانگێڕاندا بوون، كەوا ئەزموونی كوردستان لەبار ببەن و پێشكەوتنەكانی رابگرن، لە هەمان كاتدا" بێ بەڵێنی و دژایەتییەكانی دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق بەرامبەر گەلی كوردستان و، ئەزموونی نزیكەی سەد ساڵ بەیەكەوە ژیانمان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراق، ئەوەی بۆ هەموو لایەك سەلماند، كەوا گەلی كوردستان چیتر ناتوانێت لە چوارچێوەی

نەخشەی داتاشراوی عێراقدا بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی عەرەبی سوننەی عێراق لەماوەی نزیکەی هەشتا ساڵی حوکمی خۆیدا ئەوەی توانی لە دژی کورد ئەنجامیدا، هەر لە بەعەرەبکردنی کوردستان و کیمیابارانکردنی هەلەبجە و ناوچەکانی گەرمیان و بادینان و شوێنەکانی دیکەی کوردستان و زیندەبەچاڵکردن و بێسەروشوێن کردنی ١٨٢٠٠٠ مرۆڤی کورد لە ژن و منداڵ و پیرو گەنج لە شاڵاوەکانی ئەنفالی ١٩٨٨ و ٨٠٠٠ بارزانی و ١٢٠٠٠ کوردی فەیلی و وێرانکردنی ٤٥٠٠ شارۆچکە و گوندی کوردستان و سوتماککردنی خاکەکەی و چەندان تاوانی دیکەی دژ بە مرۆڤایەتی.. ئەمانە هەمووی لەلایەن دەسەڵاتی عەرەبی سوننەی عێراق و رژێمی رووخاوی بەعس دژ بە کورد ئەنجامدران، مەرجەعە ئایینییەکان و لایەنە عێراقییەکان لەبەرامبەر ئەم هەموو تاوانەدا بێهەڵوێست و بێدەنگ بوون.

لەدوای رووخانی رژێمی بەعس لە بەهاری ٢٠٠٣دا، عەرەبی شیعەی عێراق دەسەڵاتیان گرتەدەست، دیارە دەسەڵاتی شیعەش ئەوەی توانییان لە دژایەتی گەلی کوردستان ئەنجامیاندا و بەردەوامن، هەر لە جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی تایبەت بە کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان و تا دەگاتە پێشێلکردنی تەواوی ئەو ماددانەی دەستووری عێراق کە تایبەتن بە گەلی کوردستان، دواتاوانیشیان بڕینی بەشە بودجەی کوردستان بوو، کەوا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤وە بودجەی کوردستانیان بڕی و،

کەوتنە جێبەجێکردنی (سیاسەتی برسیکردن)ی خەڵکی کوردستان، کە ئەمەش تاوانێکە چی کەمتر نییە لە تاوانی بەعەرەبکردن و کیمیابارانکردن، لەبەرامبەر ئەم تاوانە و تەواوی تاوانەکانی دیکەدا دیسان وەکو پێشوو تەواوی لایەنە عێراقی و مەرجەعە ئایینییەکانی عێراق بێدەنگییان هەڵبژارد!!

دەسەڵاتی ئێستای عێراق ئەگەر هەمان دەسەڵاتی بەعسی فاشی هەبووا، تاوانی زۆر گەورەتری بەرامبەر گەلی کوردستان ئەنجام دەدا، ئێستا کە دەسەڵاتی تەواوی نییە ئەو تاوانانە ئەنجام دەدات، ئەی باشە کە بەهێز بوو و دەسەڵاتی هەبوو، دەبێ چی بکات؟! بێگومان کارەساتەکان و تاوانەکان دژ بە گەلی کوردستان دووبارە دەبنەوە.

بەڵێ ئەمە ڕەوشی کورد بووە و ڕەوشی کوردە لەژێر دەسەڵاتی عەرەبی عێراق بە سوننەو شیعەوە، ئەو زوڵم و دژایەتییانەش بەرامبەر گەلی کوردستان تا ئێستاش بەردەوامن، ئەم زوڵمانە وایانکرد کەوا گەلی کوردستان بیر لە چارەنووسی خۆی بکاتەوە.

بۆیە سەرۆك مەسعود بارزانی بە ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەوا بۆ پاراستنی کوردستان و بەرگرتن لە پیلانەکان، بە پشتبەستن بە پرەنسیپی (مافی چارەنووس) و بنەماکانی (مافی مرۆڤ) بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم بدەن، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بڕیاری خۆی بدات، کەوا ئایا دەیەوێ لە گەڵ عێراقێکی زاڵم بمێنێتەوە، یا سەربەخۆ بێت، لەبەرئەوەی جگە لەم ڕێگەیە ڕێگەیەکی دیکە لەبەردەم گەلی کوردستان نەمایەوە، بۆیە

سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان ئەم بڕیارەی دا، ئەم بڕیارەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بڕیارێکی مێژوویی و گرنگ بوو، لەهەمان کاتدا شانازییەکی مەزنی مێژووییە بۆ گەلی کوردستان و خودی مەسعود بارزانی لەبەرئەوەی بەڕێزیان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە وەرگرتنی ئەو بڕیارەو کارکردن بۆ سەرخستنی پرۆسەکە.

بێگومان لە مێژووی ژیانی سیاسیی سەرۆك مەسعود بارزانی یەکێك لە کارە هەرە باشەکانی کە جێگەی شانازییە ئەنجامدانی ریفراندۆمە، من بەرپرسی ئەو قسەیەی خۆمم، لەداهاتووشدا پاش چەند ساڵی دیکە بایەخی ئەو قسەیەی من بۆ هەموو لایەك دەردەکەوێت، بە باوەڕی من تاکە کارێکی باشی سیاسی کەوا لەم سەردەمەدا ئەنجاممان دابێت، ئەنجامدانی ریفراندۆم بووە .. بۆ؟ لەبەرئەوەی لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە بە هەموو دونیامان گوت کوردستان بە خاك و خەڵکەوە بەشێك نییە لە عێراق و گەلی کوردستان چیدیکە قبووڵی نییە لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە و بژیت، گەلی کوردستان سەربەخۆیی دەوێت، کەرکووك و تەواوی ناوچەکانی دیکەی دابڕیندراو لە کوردستان نەك هەرخۆیان بە کوردستانی دەزانن، بەڵکو نایانەوێ لەناو عێراق بژین و دەیانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بژین، ئەوە پەیامێکی گرنگە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بۆ وڵاتانی دەوروبەر و بۆ خودی عێراقیش، کە ئەوە رای گشتیی خەڵکی کوردستانە کەوا چیدیکە ناخوازن لە چوارچێوەی نەخشەی داتاشراوی عێراقدا بمێننەوە، بۆیە ئەوە شانازییەکی گەورەیە بۆ

**جەنابی بارزانی کە ریفراندۆم لەسەردەستی ئەو و بە هاوکاری زۆربەی زۆری لایەنە سیاسییەکان ئەنجام درا، لە هەمان کاتدا شانازییەکی گەورەشە بۆ گەلی کوردستان کە ئەو بڕیارەی داوە، بەڵێ لە رێی ریفراندۆمەوە بڕیاری سەد ساڵەی لکاندنی کوردستان بە عێراق رەتکرایەوەو، بە هەموو لایەکمان وت لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە ناشەرعییە و بێ خواستی ئێمە بووە، بۆیە نامانەوێ چیدیکە لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنینەوە، ئەم پرۆسە مێژووییە کەوا لەلایەن سەرۆك بارزانی رێبەرایەتی کرا، گەلی کوردستانی گەیاندە کەناری بە دەوڵەت بوون، ئەمەش دوژمن و داگیرکەرانی کوردستانی هارکردو کەوتنە پیلانگێڕان بۆ لەباربردنی ئەم پرۆسەیە، ئەوە بوو وەك بینیمان خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ روویدا، لەشکری عێراق بە هاوکاری هەندێ لایەنی ناوخۆیی کەرکووك و مەخموور و شنگال و زوممار داگیرکرد و، ویستی زیاتریش پێشڕەوی بکات، بەڵام بەرخۆدانی قارەمانانەی پێشمەرگەی کوردستان توانی رێ لە هێرش و پەلامارەکانی عێراق بۆ سەر کوردستان بگرێ، بێگومان ئەگەر کارەساتی ١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ رووی نەدابایە، ئێستا گفتوگۆی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەسەر دیاریکردنی سنوور و چۆنیەتی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان بوو، نەك شتی دیکە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو نەهامەتییانەی کەوا ئەمڕۆ بەرۆکی کوردستانیان گرتووە، دەرەنجامی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرن، نەك ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم.**

ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم سەرکەوتوو بوو، بیٚ کێشە بە ئەنجام گەیشت و زۆربەی هەرە زۆری گەلی کوردستان بە تەواوی پێکهاتەکانەوە بە جۆش و خرۆشەوە روویان لە سندوقی دەنگدان کردو، گەل بە رێژەی ٩٢,٧٣٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا، ئەمەش گەورەترین سەرکەوتن بوو بۆ گەلی کوردستان و پرۆسەی ریفراندۆم.

لە پرۆسەی ریفراندۆمدا سەرۆك بارزانی و گەلی کوردستان زۆر باشتر دۆست و دوژمنەکەکانیان ناسی، لێرەدا دەبیٚ ئەوە بزانین کەوا مەسعود بارزانی لەسەر ئاستی ناوخۆو ناوچەیی و نێودەوڵەتی خیانەتی لێکرا، بەشێك لە لایەنە ناوخۆییەکان و وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی زلهێز بەرژەوەندیی گەلی کوردستانیان کردە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بێوەفا بوون بەرامبەر سەرۆك مەسعود بارزانی و گەلی کوردستان، لە هەمان کاتدا ئەو وڵاتانەی دژایەتی پرۆسەی ریفراندۆمی گەلی کوردستانیان کرد، دژی ئەو پرەنسیپانەش وەستانەوە کەوا بانگەشەی بۆ دەکەن، بەتایبەت پرەنسیپی (مافی چارەنووس) و بنەمانی (جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ)، وڵاتانی زلهێز و زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەو پرەنسیپانەیان بێمانا و پووچ کردەوە.

ئاشکرایە بەشێك لە وڵاتانی ناوچەکەو وڵاتانی زلهێز بۆ بەرژەوەندییەکانیان پشتیان کردە گەلی کوردستان و بێوەفاییان نواند، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە هەڵوێستی بەشێکی لایەنە

ناوخۆییەکان بوو، کەوا زوو گۆڕان و کەوتنە سەنگەری دژایەتی خواستی گەلەکەیان، کارێکی زۆر شەرم و نامۆیە تۆ وا خۆت نیشان بدەیت کەوا بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە بارزانی بە پەلەتری، دواتر دوای ١٦ ی ئۆکتۆبەر بلێی ئەنجامدانی ریفراندۆم کارێکی هەڵە بوو، رووی رەخنەش بکەیتە بارزانی!! لە راستیدا ئەوە زوڵمە لە سەرۆك بارزانی دەکریٚ .. سەرۆك بارزانی بە ئەنجامدانی ریفراندۆم توانی گەورەترین رووداوی مێژوویی لە مێژووی کوردستان تۆمار بکات، ئەرکی هەموو لایەکمان بوو لە دوای ریفراندۆم پشتیوانیی زیاتر لە مەسعود بارزانی بکەین و هاوکاری بین بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەنجامی ریفراندۆم، نەك زوڵم لە سەرۆك بارزانی بکەین، وەك هەندیٚ لایەنی ناوخۆیی کردیان، بەمەش زوڵمیان لە هەموو گەلی کوردستان کرد.

بەلیٚ، گەلەکۆمەکی و بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچەکەو وڵاتانی زلهێز و هەندیٚ لایەنی ناوخۆیی گەلی کوردستانیان بەم رەوشە گەیاند، لەگەلٚ ئەوەشدا بە باوەڕی من ئەو رەوشەی ئێستا شتێکی کاتییە و تێدەپەڕێت، بۆ تێپەڕاندنی ئەم رەوشە پێویستیمان بە یەکڕیزی و یەکدەنگیی تەواوی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی گەلی کوردستانە، بۆ ئەمەش پێویستە هەموو لایەك هاوکارو پشتیوانی یەکدی بین.

ئێستایش دوای ئەوەی کەوا جەنابی بارزانی رازی نەبوو پەرلەمانی کوردستان ماوەی سەرۆکایەتی بۆ درێژبکاتەوە، لەم کاتەدا وەك

رێبەری بزاڤی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان دەتوانێت هەنگاوی گرنگ بۆ گەیاندنی گەلی کوردستان بە کەنارێکی ئارام ئەنجام بدات. سەرۆك مەسعود بارزانی لەناو کایەی سیاسیی کوردستان وەکو رێبەرێك و وەکو مەرجعێك دەمێنێتەوە، کەسایەتیی کاریزمای سەرۆك بارزانی چۆن لە رابردوو و لە ئێستادا کاریگەری هەبووە، لەداهاتووشدا کاریگەری خۆی دەبێت، بەڕێزیان ئێستا دەتوانێت جارێکی دیکە هەوڵەکانی خۆی وەگەڕبخات بۆ رێکخستنەوەی ناوماڵی کوردستان، ئەگەر لەماوەی سەرۆکایەتیی کوردستان زیاتر کاری لەسەر دیپلۆماسییەتی دەرەوە و باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان و لەگەڵ ناوەندە نێودەوڵەتییەکان کردبێت، دەکرێت ئەو ماوەیە کاتی خۆی بۆ رێکخستنەوەی ناوماڵی کوردستان و بۆ لە یەکنزیککردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تەرخان بکات، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمانە رەچاوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین و هاوکار و پشتیوانی سەرۆك بارزانی بین .. لە رابردوودا زۆربەی لایەنە سیاسییەکان لەبەر بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی هاوکار و پشتیوانی سەرۆك بارزانی نەبوون، پێویستە لە ئێستادا هەموو لایەکمان هاوکارو پشتیوانی بین، کە سەرۆکی (هەرێم)ی کوردستان بوو، بەحوکمی ئیلتیزاماتی نێودەوڵەتی و ئیلتیزاماتی ئەقلیمی و پۆستەکەی لەزۆر بواردا دەستی بەسترابوو، بەڵام ئێستا دەستی کراوەترە و وەکو رێبەرێك کاردەکات، بەدەر لەمەسەلەی حیزبی گوناهە مەسعود بارزانی بەتەنیا لەسەر پارتی

حیساب بکرێت، بەدەر لەکارە حزبییەکان مەسعود بارزانی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستانە، پێویستە پارتیش بەو چاوە تەماشای بکات، ڕاستە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام ئەرکی ئەو قورسترە، ئەو کوڕی مەلا مستەفای بارزانی-یە، وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا لەسەردەمی بارزانیی نەمردا هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و سیاسییەکان قبووڵیان بوو لە ژێر سەرکردایەتیی بارزانیی نەمر لە شۆڕش بەشداربن و بە ڕێبەری خۆیانی بزانن، دەیان کەسایەتی و کادیر لە ڕۆژئاوا و باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناو شۆڕش هەبوون و دەرفەتی کاریشیان پێدرابوو، ڕوانینی بارزانیی نەمر ڕوانینێکی نەتەوەیی بووە، بێگومان ڕوانینی مەسعود بارزانی-یش ڕوانینێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، بۆیە وەك هەمیشە دەتوانێت ڕێبەرایەتی گەلی کوردستان بکات و، مەرجەعی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان بێت.

*** ئەم وتارە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٨/٤/١٠، لە ژمارەی (١١٦٥)ی گۆڤاری گوڵان بڵاوبۆتەوە.**

# ملحـــق الصـــور

# پاشـــكۆى ويـّنـەكان

# مسعود البارزاني
# في أيام ثورة ايلول

# مەسعود بارزانی
# له رۆژانی شۆڕشی ئەیلول































# مسعود البارزاني

# في أيام حماية كوردستان من هجمات ارهابي داعش

# مەسعود بارزانی

# له رۆژانی پاراستنی کوردستان لەهێرشی تیرۆرستانی داعش

















































# مسعود البارزاني
# في عملية استفتاء كوردستان

# مەسعود بارزانی
# له پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان










1987














KURDIS









غفور مخموري مع فخامة الرئيس مسعود البارزاني

مقر الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني YNDK _ ٥ / ٢ / ١٩٩٨



غفور مخموري مع فخامة الرئيس مسعود البارزاني

قصر رئاسة كوردستان _ ٢٤ / ٢ / ٢٠١٨

## غفور مخموري

- غفور طاهر سعيد سارممي، معروف ب(غفور مخموري).
- من مواليد ١٩٧٠/٧/١ في قرية وادي الغراب التابعة لقضاء مخمور محافظة اربيل.
- اكمل دراسته الابتدائية في مدرسة ميجان الابتدائية في قرية (مشار).
- اكمل دراسته لمرحلتي المتوسطة والاعدادية في مخمور.
- خريج كلية الآداب – جامعة صلاح الدين – اربيل
- عضو عامل في نقابة صحفيي كوردستان.
- عضو الاتحاد الدولي للصحفيين.IFJ
- عضو اتحاد الادباء الكورد.
- اسس وبالتعاون مع مجموعة من الشخصيات القومية والوطنية في سنة ١٩٩٥ (الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستانيYNDK ).
- السكرتيرالعام للأتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني YNDK
- عضو برلمان كوردستان ( الدورة الثانية ٢٠٠٥-٢٠٠٩ ).
- عضو الجولة الاولى للحوار (العربي – الكوردي) الذي انعقد في القاهرة في مايس ١٩٩٨.
- عضو في الكثير من المؤتمرات والكونفرانسات السياسية والاكاديمية التي انعقدت في كوردستان والعراق والخارج.
- عضو المؤتمر القومي الكوردستاني KNK .
- عضو عامل في (اللجنة العليا لمناهضة تعريب كوردستان).
- عضو اللجنة التحضيرية للمؤتمر القومي الكوردي
- عضو اتحاد برلمانيي كوردستان
- صاحب امتياز جريدة (ميديا).
-نشر الكثير من المقالات والدراسات الفكرية والثقافية والادبية في المجلات والصحف الكوردستانية.

- له عدة كتب مطبوعة باللغتين الكوردية والعربية وكما مذكورة في ادناه:

١- سەرەتايەك بۆ حەيران كورتەيەك لە ژيانى حەمەد بەگى،١٩٨٩ (كورديە).
٢- بنارى قەرەچووغ – ١٩٩٠ (كورديە).
٣- سێ تيشك لە پەنجەرەى شيعرەوە – ١٩٩١ (كورديە).
٤- حەيران (چەمك – ناوەرۆك – سەرهەڵدان)، ٢٠٠١ (كورديە).
٥- بەعەرەبكردنى كوردستان – چاپى يەكەم- ٢٠٠٢ (كورديە).
٦- بەعەرەبكردنى كوردستان – چاپى دووەم – ٢٠٠٦(كوردية).
٧- هەگبەى مەخموورى- بەرگى يەكەم- چاپى يەكەم،٢٠١٠ (كوردية).
٨- بەعەرەبكردنى كوردستان-چاپى سێيەم – ٢٠١٠(كوردية).
٩- عومەر خامۆش ( كۆشيعر)-چاپى يەكەم- ٢٠١٢(كوردية).
١٠- حوارات حول القضية الكوردية – ٢٠٠٠
١١- تعريب كوردستان –٢٠٠٦
١٢- بصراحة – الجزء الاول –٢٠١٠
١٣- تعريب كوردستان _ الطبعة الثانية _ ٢٠١٣
١٤- المؤتمر القومي الكوردي ... الاهداف الآنية والاستراتيجية _ الطبعة الاولى _ ٢٠١٦
١٥- الحيران (مفهوما ومضمونا وظهورا)، الطبعة الاولى، ٢٠١٧
١٦ – نحو حرية واستقلال كوردستان، الطبعة الاولى، ٢٠١٧
١٧- مسعود البارزاني رمز البيْشمەرگايتي والمقاومة القومية، الطبعة الاولى، ٢٠١٨